# ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و پرسەی خوالێخۆشبوو نەجمەدین یوسفی







**پرسەو سەرەخۆشی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر نەجمەدین یوسفی**

بەڕێزان خانەوادەی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و هەڤاڵی تێکۆشەر "نەجمەدین یوسفی"

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەر و ناودار و کادیر و سەرکردەی دڵسۆزی ڕێبازی پارتی و بارزانی (نەجمەدین یوسفی) مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و تێکڕای کەس و کاری خوالێخۆشبوو و هەڤاڵانی پارتیمان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و ئومێدەوارین خوای گەورە سەبروئارامی ودڵنەوایی بە ئێوەو هەموو لایەک ببەخشێ.

نەجمەدین یوسفی لەساڵی 1957 لە شاری بەغدا پەیوەندی بە پارتیمانەوە دەکات و دواتر لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕی مەزنی ئەیلول دەچێتە ناو ڕیزەکانی شۆڕش وەکو پێشمەرگە و کادیرێکی بوێر لە بەر لێهاتوویی دەکرێتە ئەندامی ناوچە و دواتر لەساڵی 1963 بەرپرسیاریەتی لیژنەی ناوچەی ئامێدی پێدەسپێردرێت و پاشانیش دەبێتە کارگێری لقی یەکی پارتیمان. هەڤاڵی خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1979 وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان دەستنیشان دەکرێت و بەرپرسیارێتی لقی یەک وەردەگرێت. جیالەوە لە ساڵانی هەشتاکان چەندین ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە دەڤەرەکانی خرێنە و لۆلان و شنۆ و دۆڵی بالیسان و سنوری لقی دووی پارتیمان بەوپەڕی لێهاتووی و دڵسۆزییەوە رادەپەڕێنێت.خوالێخۆشبوو کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بوو بەرامبەر ڕێبازی بارزانیی نەمر و کاروانی شۆڕش و خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لەو پێناوەشدا لە خزمەت و تێکۆشان بەردەوامبوو، لە چەند ساڵی رابردووشدا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە چەندین خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە بریندار و پەککەوتەکانی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش کردووە. بەداخەوە لەدەستدانی زیانێکی گەورەبوو.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە خۆمان و ئێوە و تەواوی بنەماڵەی هەڤاڵی کۆچکردوومان دەکەین و داواکارین لە خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات..

**انا لله وانا الیه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

## هەرێم شکستی بە ئابلۆقەی دیپلۆماسیی بەغدا هێنا

# د. خەلیل ئیسماعیل: حکوومەتی عێراق بەرنامەیەکی عەجیب و غەریبی بۆ دژایەتیی هەرێمی کوردستان داڕشتبوو

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەغدا جگە لە ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی ویستی بە ئابلۆقەی دیپلۆماسیش سزای هەرێمی کوردستان بدات، بەڵام وەک مامۆستایەکی زانکۆ ئاماژەی بۆ دەکات، هەرێم شکستی بە پیلانەکەی بەغدا هێنا. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، مامۆستای زانکۆ بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستاندا هاتبوو، بەڵام خۆشبەختانە حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانی سەرکەوێت بەسەر لایەنە سیاسی و دیپلۆماسییەکەدا. حکوومەتی عێراق هەوڵێکی زۆری دا بەوەی ئابلۆقەی دیپلۆماسی و سیاسی بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و ڕێگە نەدات ئەو پێوەندییە گەرم و بەهێزەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بمێنێت. ئەو مامۆستایەی زانکۆ گوتیشی: بەغدا پیلانی ئەوەی هەبوو ڕێگە نەدرێت هیچ بەرپرس و کاربەدەستێکی جیهان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، لەسەر ئاستی ئەمەریکا و ئەورووپا، عێراق کاری لەسەر ئەو پیلانە دەکرد، بەڵام بینیمان ماوەکانی ڕابردوو چەندین شاند و گەورەبەرپرسی جیهان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، کە دوا سەردان وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوون. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: حکوومەتی عێراق بەرنامەیەکی عەجیب و غەریبی بۆ دژایەتیی هەرێمی کوردستان داڕشتبوو، بەڵام کە سەری نەگرت ئێستا بەغداش گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ناتوانن ڕێگری لە هەوڵە دیپلۆماسی و جیهانییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

# دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی یەکگرتوو پەسەند دەکرێت



حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆک وەزیران
...MeTA HERÊMA KURDISTANÊ
SEROKWEZÎR
ژمارە: ٩٦
Date: 13/2/2018

فەرمان

١. محمد قادر هاودیانی/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
٢. مولود مراد محی الدین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بەوەکالەت
٣. غازی سعید سلیمان/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆچ و کۆچبەران

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کشانەوەی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند و دواتر وەزیرەکانی سەر بەو حزبە دەستلەکارکێشانەوەی خۆیانییان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرد. بەپێی فەرمانی ژمارە 65 کە بەرواری ڕۆژی سێشەممە 13ی شوباتی لەسەرە بە واژووی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی ڕەزامەندی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دراوە کە بریتین لە هەریەک لە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، محەمەد هاودیانی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری گواستنەوەی و گەیاندن بە وەکالەت، مەولود باوەمراد و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆچبەران، غازی سەعیدە. لە خاڵی دووەمی فەرمانەکەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئاماژە بەوەکراوە کە وەزیرە دەستلەکارکێشاوەکانی یەکگرتوو لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە تاوەکو وەزیرێکی دیکە لە شوێنی ئەوان دەستبەکار دەبێت. هاوکات لە خاڵی سێیەمی فەرمانەکەدا هاتووە ئەم فەرمانە ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت بۆ کارکردن بە ماددەی چوار لە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەر دامودەزگا دەستوورییەکانی هەرێم.

# ئەلحوێت: واشنتن هێز ڕەوانەی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکات

گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی پارێزگای نەینەوا ڕایدەگەیێنێ، واشنتن ڕەزامەندیی پێشان داوە هێزی سەربازی ڕەوانەی ناوچە سوننەنشینەکان بکات، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بکەن. مەزاحم ئەحمەد ئەلحوێت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: حکوومەتی ئەمەریکا ڕەزامەندیی لەسەر داواکارییەکی عەرەبی سوننە دەربڕی، کە داوامان کردبوو هێزەکانیان ڕەوانە بکەن بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکەن لە پارێزگا سوننەنشینەکان و ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەگەڵ دەرکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکانمان و گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ تەواوی ئەو ناوچانە، چونکە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، بۆ ئەوەی شەڕی تایفی ڕوو نەدات. ئەلحوێت دەشڵێت: واشنتن بڕیاری دا بە ڕەوانەکردنی هێزێکی سەربازی لەو ماوەیەدا بۆ عێراق و، دواتر لە ناوچە سوننەنشینەکانی ئەنبار و دیالە، سەڵاحەددین و کەرکووک، نەینەوا و ناوچە کێشەلەسەرەکان بڵاو دەبنەوە.



# پلانەکەی ترەمپ بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئەمەریکا

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی وڵاتەکەی کە کۆنبووە پلانی وەبەرهێنانێکی بەبڕی یەک تریلیۆن و 500 ملیار دۆلار پێشکەش بە کۆنگرێس کرد. حکوومەتەکەی ترەمپ، دوای ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆشکی سپی بۆ وەبەرهێنانی ژێرخان سازی کرد پرۆژە یاسایەکی 53 پەڕەیی ڕەوانەی کۆنگرێس کرد. بە پێی ئەو پێشنیازە کە ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی دایە، پلان دادەنرێت لە ماوەی 10 ساڵی داهاتوودا تێکڕا بەبڕی یەک تریلیۆن و 500 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئەمەریکادا بکرێت بەتایبەتی 200ملیار بۆ خەرجی گشتیی. پرۆژە یاساکە کە پێشنیازیکردووە بۆ پشتیوانیکردن لە وەبەرهێنانی ژێرخانی تایبەت، ماوەی فەرمی لە 10 ساڵەوە کەمبکرێتەوە بۆ دوو ساڵ، بەکارهێنانی قەرز بە شێوەیەک لە باج ببەخشرێت و دەسەڵات بدرێت بە حکوومەتە خۆجێییەکان لە بەکرێدانی ڕێگاوبانەکان لە چوارچێوەی بوودجەی دارایی ساڵی 2019دا پێشکەش بە کۆنگرێس کرا. کۆشکی سپی ئاماژەی بەوە کرد پشتیوانی دارایی گشتیی بەبڕی 200ملیار دۆلار کە بۆ بەدیهێنانی وەبەرهێنان بەکاردێت بەبڕی یەک تریلیۆن و 500 ملیار دۆلار بە کەمکردنەوەی خەرجی بوارەکانی دیکە هاوسەنگ دەبێت. پلانی ژێرخانەکە کە هیچ پرۆژەیەکی ژێرخانی تایبەتی لەخۆنەگرتووە، بۆ جێبەجێکردنی پێویستە لە لایەن کۆنگرێسەوە پەسەند بکرێت.

# پەرلەمانتارێکی کوێت: حکوومەتی عێراق فاشیلە و نابێت پارەی بخرێتە دەست



پەرلەمانتارێکی وڵاتی کوێت ڕەخنە دەگرێ کە لە وڵاتەکەی، کە کۆنگرەی بنیاتنانەوەی عێراقی لەخۆگرتووە و دەڵێ، حکوومەتی بەغدا تۆمەتبارە بە هەرەسهێنان و پێویستە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت. سەفا هاشم پەرلەمانتاری کوێت، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردا، پەندێکی چینی هێناوەتەوە و دەڵێ: بەر لەوەی ماسییەکەم پێ ببەخشی، تێمبگەیەنە چۆن ڕاوی بکەم. وەک دیارە حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق لە دۆسێی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەدا شکستیان هێناوە و خزمەتگوزاریی ئەوتۆیان پێشکەشی گەلەکەیان نەکردووە، ئایا بۆچی 100 ملیار دۆلاریان پێ بدرێت؟. سەفا هاشم ڕاشیگەیاندووە، کە حکومەتی عێراق فاشیلە و نابێت بەو شێوەیە پارە بخرێتە خزمەتی و ناکۆکی زۆر لە نێوان لایەنەکانیدا هەیە و، گەندەڵییش سەرجەم جومگەکانی ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە.